# فۆلکلۆر

## کۆڕی وانەی کوردی

شەوگار بەم دووری بەم درازییە

بۆ لای کێ بڕۆم کێ پێم ڕازییی

پاژنەی کەوشەکەت قالیەکەی دڕی

خواحافزیەکەت سەر دڵمی بڕی

ئیتر خواحافیز دڵداری تواو

بۆ بەردرگای ماڵیان ناکەم چاوە چاو

بڕوا ئەو دەمە بڕوا ئەو لێوە

ئێژی گوڵباغی تۆی گەڵا مێوە

وانەی کوردی

خەمگین مەنیشە شەریک خەمتم

شەریک وردە خاڵ دەوری دەمتم

دەمقەن دیانقن گشتگیانت قەنە

هاوڕێی گوڵفرۆش قەن کیلۆی چەنە

بەردرگاکەی ماڵتان دەکەم بە سەکۆ

بۆ دانیشتنی ئێوارانی تۆ

خوەم کرماشانی دووسم قەسرییە

خاتر خات بیمە تەخسیرم نییە

خەمە بیچکۆلە مەگەر تۆ برامی

بۆ هەر کوێ دەرۆم ڕەفێقێ ڕامی

بەرماڵەکەیان نەختێ ڕاسییە

تایسە نەودیوە کچ بەو خاسییە

شەرت بێ سی و دوو دیانەکەو کەم بە تەڵا
لای بەهمەنی لە سایان قەڵا

ئێژن لەو خوارە مەردم جەم بووە
کلیل و فەڕاشەی گوڵی گوم بووە

لە تاران کەوشی لە بەغا شاڵی
لەبەر جوانییەکەی بۆی ناوم حاڵی

ژن گەل براگەل پول دارو بی پول
پولە جمو کەن ژنە بیرن بو من

دەمەکەت قەنە بینێ لەکانی
بابێیت بە قە ناو بو ئاوەدانی

خاڵێ هاوەبان گۆنای یارەوە
ئەڵێی پشقەڵە بەدیوارەوە

دڵەکەم دەر بێرن بیکەن بە قەفەس

با بۆ دووریی دۆس کەم بکا هەوس

چین چین و لۆ لۆ فاتێ کوێستانی

ئەو ڕانەت دانێ سەر کەمە بانێ

نە مەل نە کۆتر قشقەڕە و سۆنە

هیچیان نازانن بەخوا دەردی دڵ چۆنە

دایکی چوو بۆ شار باوکی چوو بۆ چەم

ماڵەکەی جێ هێشت بۆ خۆی و بۆ خوەم

نە کەسم مردن نە دەردە دارم

بەڵای تۆم دیوە ئارگەش گیان وا بێ قەرارم

دیانەزەردەکەو بەتڵا دەرچووگە

ڕۆحم ئاوێتەی بەدەنت بووگە

قەنی ناو قەندان خۆرمای تۆ کەتان

جوانییەکەی ڕابێ منی خەڵەتان

قەبرم بۆ بکەنن لە رێگای کانی

با نازدار بێتەو پا بنێ وە بانی

خوا بیوڕێ نانەکەی تاران

هەرچی کار ئەکەین وەینە جاران

دەنگم دەر نایە لەنگە زوانم

لەبیرمەو چووە گۆرانییەکانم

بیە با بوت بکم باسی جوانیم

روژانی بەرخیو شەوانی شوانیم

دەروازەی چەرمگ بەرانبەرەکەم

بووەتە بایس قەتڵ سەرەکەم

ئەچم بۆ تاران بۆ فرمانی تۆ

بۆ سێفەسوورەی بن گیفانی تۆ

خاڵێ هاوەبان

گۆنای پیرۆزۆ

وەک شەم ئەسووتێ

بە نەکەرۆزۆ

خۆزگا دڵداری ئەسڵەن نەبوایە

با ڕەنجی ئاشق نەچوای بە زایە

بە قوربانت بم کەوەکەی ملبەرز

تۆ بووە مامۆستا و بە من بڵێ دەرس

داویە بە سەریا پوولەکە و دەرزی

هەر وەک خاسەکەو ڕووی کردوە بەرزی

خاڵێ هاوە بان لێو فاتەو

قل وەڵڵا لەبیر شێخ ئەباتەو

وانەی کوردی

ئەچم بۆتاران بۆ

خنجێر دەبان

بۆ سک هەڵدڕین

باوکی کچی جوان

پەشم فەرانسەی کردە بە کراس

بۆ لێم ناپرسی، کافری خوانەناس

خاڵانم ژمارد حەفت و هەشت و نۆ

هیچ خاڵم نەدی وێنەی خاڵی تۆ

شەرت بێت لە داختان قەتحی نەزەر کەم

سەر خۆم هەڵبگرم روو بە مەحشەر کەم

کارێک تۆ کردت بێوەفا و بێدین

خۆ یەزید نەیکرد بە ئیمام حوسەین

با بەم بە سەرما بە دوو دەستی خوەم

بۆ بێمەیلیی یار و بۆ بێکەسیی خوەم

وانەی کوردی

هەرکەس یارەکەی لە دوو وڵات بێت

خاک وەسەریا کات چی دەسەڵات بێت

پشتوێن پەشمی فەرانسە

جوانە لەو باڵا بەرزە

ماڵم خەڵاتی تۆیە

شۆخی هەوارە بەرزە

سەر کوڵمەی هێندە ناسکە

لێم بۆتە بەفر و تەرزە

شەوگارم شەق کرد تەپڵم دای لە کۆ

هەوڵی زۆرم دا نەگەییم بە تۆ

هەی داد هەی بێداد

هەی دەر بەدەرخۆم

باخەوانەکەی

رەنج بەبێ بەرخۆم

سەروێن و مەروێن گشتی ئاوێتە

دەسی لێ مەدە با هەر وا بێتە

ئێوارە خەوتم دڵ بە غوغاوە

بەیانی هەستام کەرە قوڵ نە ماوە

هەی داد هەی بێداد دەردم دوانە

یان سینەم ئەیشێ یان خەفەخانە

سێ جار بەو مانگەی خەرمانەی داوە

هێشتا مەیلی تۆم بە کەس نەداوە

ئەی بەهارەکەی سەرحی و دێوانە

تاوێ خوەشی کە میلاد مێوانە

هەی داد هەی بێداد

دەردم تاوتاوە

تاوێکم لەرزە

تاوێکم یاوە

سوێندم بەو مانگەی وا ڕەنگی زەردە

دووریی تۆ بۆ من هەر ئاخ و دەردە

هە ی داو هە ی بێداو کەس دیار نییە

کەس لە دەردی کەس خەبەردار نییە

هەی داد هەی بێداد دەردم گرانە

لە دوای باڵاکەت ماڵم وێرانە

ماس فرۆشەکەی ڕێگەی بەێڵە

ئامە قورعانە  سەرێ هەڵێن

دڵەکەم دەر بێرا بە ڕووی پۆسەوە

زەڕەی نەماوە بە لای دۆسەوە

نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دونیا

باڵای تۆم دەوێ بەتاقی تەنیا

ماسفرۆشەکەی شەقام پەهلەوی

خوەی وەسە کتک شووەکەی وەک ڕیوی

هەی داد هەی بێداد

هەی بێدەلیلی

شەو نییە نەیبینم

خەو بەزەلیلی

هانا, سە دهانا, بڕە س وە هانام

نە مە نە ن تاقە ت تاب وتوانام

هەیٚ داد هەیٚ بیٚ داد خومن  شێعر نەێرم

زنجیر خو سالە پەتگیش نیەورم

شێتان شێت دەبن دەچنە ماڵ سەیی

خۆ من شێتی تۆم تازەپیٚ گەیی

دووریی باڵاکەت کارێک پێم کەردەن

عاجزم لە گیان ڕازیم بە مەردەن

بە قوربانت بم هەڵوچە ڕەشە
مەزەی ماچەکەت چەن ترشوو خۆشە

کاشکی ڕۆژ عەزەڵ نەبوای بەیارم
نەبوای بەبایس دڵەی خەم بارم

شێتان شێت دەبن دەچنە هەورامان
خۆ من شێتی تۆم دەستم بە دامان

کراس چاک چاکی, یە خە دڕیامە
چوسە یدزە خمی ژە گە ل بڕیامە

ماشینێ هاتووە بەرەکەی سەوزە
بووکێکی هاتیا بەو حەزرەت غەوزە

چاوت مەڕێشە هێشتا منداڵی
سێوت نەگییە و هەڵوچەی کاڵی

وانەی کوردی

بیکە بۆ خاتر حەزرەتی داوود

سەرێ هەڵبێنا مردم لە تاوت

کرماشان وە پووڵ باوانیەکەت سەنەم

بیستوون وە عەشق فەرهادەو کەنم

دۆسێکم گرتووە بە ناو مەرزییە

ماڵەکەی باوکی ها لەو بەرزییە

شەرتە بۆت سێنم جیپێ سەر بەتاڵ

بۆ هاتوو چووکەی جادەکەی خورماڵ

خاڵێک کوتاییە لە عەینە غەوغەو

نەقاش دایناوە بۆ ماچ کردن شەو

چایکم بۆ داکە لەو ئاوە لێڵە

گێسکێ مەولوو بێ لە بۆ ئەم خێڵە

حەوت ساڵ باخەوان

نەمامی نۆبووم

باخم هاتەبەر

خۆم ڕەنجەڕۆبووم

مەردم ماڵی ئەڕمێ من بەرهێوانم

مەردم دۆسی ئەمرێ من دەسگیرانم

بارگەکەش بارکرد لوا بە داڵانی

دەسێ من وەبان وردە خاڵانی

خۆم کورە کاروانیی شەو بە هەردەوە

سەر ئەنێم وە بان قۆناخ زەردەوە

هەی داد هەی بێداد

ئەمە حاڵمە

ئەمە بەرگەکەی

ساڵەوساڵمە

وانەی کوردی

دۆسێکم گەرەک گیانی گیانی بێ

تامن هەستم ئەو لە کانی بێ

داویە بەسەریا حەگاڵێ کەوە

شەوقی بڕیوە لەو مانگە شەوە

خوەم کوڕە کاروانی ڕێم لەبەر ناچێ

سووتیام و برژیام بۆ تاقەماچێ

تەخت پێشانییەکەت چۆن مانگ لە بەیان

هورجوومی هاورد شەفەق لێم دەمان

دۆس ئەشێ دۆس بێ لە کەس نەترسێ

سەرەڕێ بگرێ و هەواڵ بپرسێ

شه رت بووخوراکم وه لخته ێ خۆن که م

وه ناخون سینه م وه بێستۆ ن که م

ئەو ڕەشتی و هەورییە کردوو ئاوێتە

دەسی لێ مەدە با هەر واوێتە

هەرچی ماڵم هەیە بۆی هەراج ئەکەم

بەڵام بەو شەرتەی سەر گۆنای ماچ کەم

مانگ هەڵهات و خۆر هەڵهات

دای لە بورجی مەهاباد

هەرچی چاوەڕوان بووم

یاری ئازیزم نەهات

ڕەشە ڕێحانە خۆمی

پێ ڕەش کەم

لەدوای باڵاکەت

دڵ بەکێ خۆش کەم

من کرماشانی ئیوە گیشت سوران

شێعر ئرا نەیشتین وە ئایەێ قورئان

من ماڵم بۆچەس گەنجم بە کۆی بێت

گدایی دەکەم چاوم لە تۆ بێت

هەناسەی سەردەم کێو لەبن دێنێ

ئاخۆم خواکەی من چێت بەسەر بێنێ

تەختی سەر سینەی ئاڵتوونی ڕووتە

خۆزگەم بەو کەسەی لە گەڵی جووتە

عەشق و دڵداری چە ئازارێکە

هەرکەس گرفتار دەس نازارێکە

خاڵێ ها وەبان لێو مەنیجەوە

هەورامان ئێنێ بە هەجیجەوە

پە روانە ی دڵم شە مى خامووشە

باخ وبولّبولّم سە ردە واپووشە

هەناسەی سەردم دای لە سای داران

چووم بۆ لای گەردوون بارانی باراند

مالْمان لە مالْیان دوورە

بەلەکی دەلْێی توورە

گەر قسە دەکا بەزاری

دەلْێیسازوسەنتوورە

داوای ماچێکم لێی کرد

گوتی نابێ ببوورە

بێلا با تاوێ دلْم بێ خەم بێ

یاری من هەر تۆی خاترت جەم بێ

شەرتە لەداخت

تەرکی دنیا کەم

پشت لەقەومو خوێش

ڕوو لەسەحرا کەم

خاڵی کوتاوە لە جێی حەساسا
بڕنەو نایپێکێ مەگەر قەناسە

قەزای تۆ لەمن ڕەشەی چاوگەل مەس
هەرکەسێ تۆی بێ ماڵ دونیای بۆ چەس

ماسی لە دەریا خواردنی ناوە
منیش وەک ماسی جەرگم سووتاوە
دەردی دوورییەکەت بوو بە ئازارم
ئەفلاتوون حەکیم نایکا تیمارم

دوو کەو دوو کۆتر دوو بەچکەسۆنە
دەنگەی باڵیان هات لە حسێڵە کۆنە

ماشینێک هاتە باری هەنجیرە
فریام بکەوە کارەکەم گیرە

ماشێک هاتووە ڕەنگەکەی سەوزە

مریەمی هاتیا بەو حەزرەت غەوزە

هەر ماهێ نەوبۆ

حاڵم پەشێوەن

چون هیلال شێوە

ئەبرۆی تۆش پێوەن

شەوان شەوناڵە ڕۆژان ڕۆ ڕۆمە

یەکجار پەژارەی دووریەکەی تۆمە

ماشینێک  هاتگە بانەکەی ڕەشە

ژن دار و بێ ژن دڵیان پێ خۆشە

ماشینێ بگرم

بەنزینی ئاو بێ

نەکابۆی بەنزین

بۆتۆ خراو بێ

قەزات لە ماڵم دوورە دۆسەکەم

لە دووریی تۆ سووتیا پۆسەکەم

ماشینێک بگرم بەنزینی ئاو بێ

نەک لە بووی بەنزین حاڵت خەراوبێ

ماشینێ بارن نواگەێ قرمز

من پێیا بکەێ لە تنگەێ هرمز

واران چۆ واری بۆش تا بوارم

چۆ هه وره گاند من بی قه رارم

دەنگم دەر نایە هەر هەناسەمە

لەبۆ دوورییەکەت فرە تاسەمە

دوێشەو فرمێسکێ کەوتە بان ڕانم

بۆ دووری تۆیە خۆم خاس ئەزانم

ماشینێ بارن پڕێ شێعر بکەن

تایارم نەکەێ وە من هەڵە خەن

کەوریشک لە لانە گۆڕپی کردووە

ئەو گوڵە برای نەمرێ دڵم بردووە

ئارەقوو شەراو مەسی نەکردم

ماچی پرە گیان سەر خۆشی کردم

نەخشەی تەونەکەی ماسی دەرهەمە

ناوسک ماسییەکە زووخ و وەرهەمە

تێ کە پیاڵەکەت ئارەق چون ئەڵماس

بییە با بینۆشین دونیا بێوەفاس

ماشینێگ هاتگە باری هەنارە

خۆزگەم بەو کەسە یاری دیارە

یان جوابێ بە خێر یان دڵنیام کە
کەم دەس وە دامێن شێخ و مەلام کە

دەنگم هەڵ نایە وەک کەو بخوینم
ئەوکیژە جوانە لە خەو هەستێنم

قەسەم بە قورعان بە هەر چی پیرە
زەڕەت چون قولاو لە جەرگم گیرە

وەشورەێ واران ناو زستان قەسم
تو خاسترەکی من خەڕێ خەسم

بە قورئانەکەی ماڵ مەلا کازم
تا تۆ شونەکەی ژن ناخوازم

قاڵییەکەی ماڵتان گوڵ نیتکە نیتکە
ئەگەر مەیلت بوو ماڵمان نزیکە

وقورعانەگەیٚ مال مەلا قەسم

شێعرت زنجیرەو بسایە دەسم

ماڵ وە ماڵدان عاشێقی بە شە

حە تا وە خوسە,  دڵدان , خوەشە

بەو حەزرەت عەلی قەڵای خەیبەرگیر

تا ماوم لە ژین تۆم ناچێ لەبیر

هەر کەسێ نەیبیت دوۆ دۆستو یارێ

سەری لە قور نێ سبحو ئەێوارێ

خۆم بم وە قوروان کەراسە سوورەکەت

بم کە رانەندەی ترانتورەکت

دۆس ئەم زەمانە گشتی بێوەفاس

ئەوەڵیان مەیلە و ئاخریان جەفاس

خانم شوو کردگ شووی مردار بوو
له بان داکەفتو بەرو خۆارو بوو

زه خم دڵه گه م وه لادان شوورم
سانیش به ین وه لیم, لیدان نیه توورم

من خاک ژیر کلاش پاتم
به بونه تومەوه من وەێره هاتم

هەر خوەم به قوربان ئاشت و تۆرانت
بۆچی نەماوه مەیلی جارانت

قەزات له گیانم دۆسی دوور ماڵم
پێڵاوی پێیەکەت به لێو دەماڵم

شووت نەکرد به خۆم بتبم بۆ کوێستان
شەوت کرد بوو گۆڵەی کێسل ناوو بێسان

دەرمان بە شووەکت بە چۆنەرەوا

ئێوارە بێتو بە کۆڵ کەرەوا

شووکەت بمرێ بێشوو بمانی

کوتە شڕەکەم بەم بە مزگانی

هە م من وئێوە لە میلکانمان

رە سیم وە دوای کوهنە ژانمان

قەزاێ شێعرە گەت لە کوترەێ شوڕم

ئەرا بایس من لە تو بتورم

شووت نەکردە خوەم بۆت بکەم گەمە

شووت کردە ئەو گولەی کەلاوەدەمە

کوتر شڕە گەم هیچ لێ نماوە

مال رمیاوەو بوو بە کەلاوە

وانەی کوردی

ماڵەکەی باوکی بێت وێرانە

با تیا بخوێنێ پەپووسلێمانە

خۆزگەم بە بۆڵبوڵ دارەودارئە کات

بە گریانە وە بانگی یارئە کات

یار ئە ڵە بۆڵبوڵ من چیبکم ڵە تۆ

باخە وان نامرە من بگم بە تۆ

شە کە تی گیانم دە رچوو وە سادان

وە چگە ,, هسارە ,, چنم وە پادان

من و بایەقۆش لف بە دوانە

من لە چۆڵ ئەمخوێند ئەو لە وێرانە

من بۆ دوسی خاس ئەو بۆ هێلانە

بەین من و تۆ بوو بە دەریای هوون

ڕێ کاغەز نییە مەگەر تلێفوون

واندی کوردی

له دووس ودوشمن چۆ یه ک رازییه

,,,زانی رووزگار,,, کاری,, بازییه

بێ شەرتێ بکەین شەرتی دوو بەدوو

نه تۆ ژن بێری نه خوەم بکەم شوو

بەینی من و تۆ

کێو و یاڵێکه

هەر سەعاتێکت

بۆ من ساڵێکه

شەرته له داخ کەم شەرتییەکەی دۆس

ئیتر نەگرنم نه شەم نه فانۆس

هەناسەی سەردم کێو

لەبن دێنێ

ئاخۆ خواکەی من

چیت بەسەر بێنێ

واتەی کوردی

کیژی کوردستان شۆخی ئەم شارە

لە بێمەیلییەکەت هەناسەم سوارە

بازی روزگار پێشتمان چەمان

نەوەکو کەمان جور کەمەێ گوچان

هەرکەسێ کەوتە بەینی من و تۆ

لەماڵی بمرێ بەهەشت وبەنۆ

من وتون,,, جام,,,, یە عە هدی دیریم

هە رچە ن لە دونیای بە دپە یمان گیریم

هەر کەس بووە بایس دوو دڵ لەو بەینە

ئەیکەمە گژیا ئەو شاحوسەینە

خوەم سەروازەکەی دەشتی سوومارم

چاوەڕوان نامە و دڵخەفەتبارم

لەبەر ئەم کچە ڕەشتاڵە

قەدی دەڵێی شمشاڵە

بەژنیم ئەمڕۆ پێواوە

هەڵچووە دەڵێی منارە

بەڵام حەیفێکی هەیە

کەپۆی دەڵێی بیبارە

سەقز زۆر خۆشە پردی هەوایی

کچان دێنە خوار بۆ ڕاپەیمایی

خوەم سەروازەکەی کێوی بیستوونم

بۆیە بەم جۆرە زار و زەبوونم

توو فرمادەگەێ گیشت کرماشانی

ئەرام کل بکە ناووو نیشانی

خوەم سەروازەکەی دۆس بەجێ ماوم

لە دووریی دۆس خوێن تێ لە چاوم

درمان دوری سەختو گرانە

ئەوره وەهاره ئەیرە خەزانە

گوڵ وگوڵباخی, گوڵ قومچە وشە وبوو

هە رچوار کە لیمە هاوردی ئه وسوو

ماچێکم کردی زۆر بە هەستەوە

گەر پێت ناخۆشە، ها ماچم کەوە

وانەی کوردی